کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-6-2007 13:44

## نێچیرڤان بارزانی سنوری بۆ ناعەدالەتی و کوشتنی ئافرەتان دانا... حەسەن ئەحمەد مستەفا



کێشەی ئافرەت کێشەیەکی جیهانیە، کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هی کوردستانیشە، سەرەڕای ئەمەش گرفتێکی هێندە گەورە کە ببێتە هۆ ئەوەی لەنیوە ساڵێکا نزیک بە 100 سەد ئافرەت لەبەین بچێت، شایەنی ئەوەیە دەسەڵاتی کوردستان هەڵوێستەی لەسەر بکات، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ سروشتی ژیانی باب و باپیرانی کورد هەرچەندە ناتوانین، وەکو کورد و فەرهەنگەکەشمان بەتەواوی خۆمان لەم بابەتە لابدەین.

ئامارەکان هەن و گومان نەماوە کە پلێمز ناتوانێ ئەم کارەساتە دروست بکات، ئیدی کارەکە لەوە دەرچووە و پێویستە ڕێ و شوێنی یاسایی و هەروەها ڕۆشەنبیری بۆ بگرێنە بەر.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا فشارێکی زۆر لەسەر ئافرەت هەیە، جگە لە فشاری پیاوسالاری یان دواکەوتوویی فشاری سیاسیش لەسەر ئافرەت هەیە، ئافرەت بەشێوەیەک کراوەتە دەسکەلای سیاسەت کە کردویانەتە ئەم کائینەی جێگەی بەزەیی بێت.

لەم ڕووەوە پرسی ئافرەت بوەتە پرسێکی سیاسی بە سیاسیبونەکە لەوەدایە کە هەر حزبەو بەگوێرەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای خۆی هاتوە ڕێگای چارەسەری بۆ ئافرەت داناوە، حزبەکان بەتایبەتی ئیسلامیەکان بەوەوە نەوەستاون هەر ڕێگا چارە دابنین، بەڵکو فشارێکی زۆریان لەسەر ئافرەتان هەیە تاکو وەک ئەوان دەیانەوێت ئافرەتەکان جلک بپۆشن و هەڵسوکەوت بکەن، نکۆڵی ناکرێت کە حزبە ئیسلامیەکان توانیویانە ئۆرگانیزەیەکی ڕێکخستن لە ناو ئافرەتان دروست بکەن بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ کەم نین ئەم ئافرەتانەی لەژێر کارتێکردنی ئەواندا هەن و دەنگیان هەیە و خۆیان پیاوسالارن.

هەروەها ڕێژەیەکی زیاتریش لە ژێر کارتێکردنی دۆخی دیموکراسی و عەلمانیەتدان، بەڵام ئیسلامی نین و سۆسیال عشایریش نین، بەڵکو کراوەو مەدەنین، مەدەنیتی ئەوان و دیموکراسی ئەوان چیەو چۆنە نایزانن، ئەوانە دەبنە جێگەی ئامانجی ئیسلامیەکان و ڕۆژانە لچک پۆشیان دەکەن.

ئافرەتانی تر کە ڕێژەیان زۆر نیە چالاکی حزبی دەکەن، بەڵام دووچاری گرفتە کەسیەتیەکانی خۆیانن، لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی ئافرەتان لەسەر مەنسەبو دەسەڵاتی ناو ڕێکخراوەکەیان شەڕیان بوە هێندە بە غەمی ئافرەتانی دیکەوە نەبوون.

بەهەزاران ئافرەت دایک و خوشک و خێزان و کەس و کاری شەهیدەکانن و وەک نەریت وێڕای ژمارەیەکی دیکە پابەندن بە پارتە گەورەکانەوە.

ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان لەسەر کاری ڕۆژانەن و ڕێژەی زۆری مامۆستایان لە باخچەی ساوایان تا بە زانکۆ دەگات مامۆستای ئافرەتن.

هەرچەندە ئێمە فۆڕمولەکەمان ئەکادیمی و ئاماری نیە، بەڵام ئەم ئافرەتانەی دەکوژرێن لە حجاب بەسەرەکان بگرە تا سۆسیال عشایر و تا حزبی و نا حزبی و کراوەو داخراوەکانن لەناو کوژراوەکاندا لە 13 ساڵی تا 50 ساڵی هەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ جاری یەكەم نیە لەسەر ئەم پرسە بە دەنگ دێت و داوای كردوە كە سنورێك بۆ ئەم كارەساتە دابنرێت، كوشتنی بەبیانووی شوشتنەوەی ئابڕوی قەدەغە كردو بەیاسا پشتیوانی لێ كرا، لە ساڵی 2005 لەبۆنەی 8ی مارس رایگەیاند كە ئێمە غافڵ نین لەم رووداوانە و رۆژانە پێیان ئاگادارین و ئەگەر رێگەی لێ نەگرین زیاتر تەشەنە دەكات، ئەمەش لەسەر ناوبانگی كوردستان و دەسەلات و بەگشتی كۆمەڵگەكەمان بە گران رادەوەستێ، نێچیرڤان بارزانی هەر ئەوسا گوتی دەبێ رێز لە ئافرەتی كوردستان بگیرێت و پاداشت بكرێن لەسەر ئەو قوربانیەی بۆ كوردستان داوییانە نەك بكوژرێن.

ئەمرۆ هەمان بەدەنگەوە هاتن لەلایەن نێچیرڤان بارزانی هەبوو، بەڵام بەشێوەیەكی دیكە لە كۆبوونەوەی وەزارەتە پەیوەندارەكاندا رای سپاردن كە نابێ بەهیچ شێوەیەك تاوانبارێك دەربچێت و دەبێ یاسا رۆڵی خۆی بگرێت.

پێویستە ئاماژە بدەینە زەقترین ئەم گرفتانەی ئەمرۆ دەبنە هۆكارێك بۆ ئەم تاوانە كە تاوانی كوشتنی ئافرەتانە، كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی داخرابوو، بەدەیان ساڵە دوژمن كاری لەسەر دەكات ئەگەر لەلای زۆربەی گەلانی دنیا بەتایبەتی ئەڵمانەكان و ئینگلیز و زۆربەی گەل و نەتەوەی دنیا "شەرەف" خاك و گەلە، ئەوا دوژمنانی ئەم میللەتە بەوپەڕی زیرەكی شەرەفی كوردیان بەئافرەتەوە بەستۆتەوە، "ئافرەت" بەشێوەیەك "هەستیار" كراوە كە چەندە قسە دەكات و پێ هەڵدێنێ ئەوە شەرەفی پیاوەكەیە كە بەم شێوەیە دەجوڵێتەوە، دوایی بوە بە شەرفی خێزان و عەشیرەت، ئەوەش كارەساتێكی گەورەی بۆ كەسیەتی كورد خوڵقاندوە لەبیركردنەوە و هەڵس و كەوتیدا بچووكی كردۆتەوە.

لەم بارەیەوە پیاوی كوردیش لە ئەشكەنجەدا دەژیت، بێ گومان ئەشكەنجەیە خۆشەویسترین و نزیكترین كەسەكەی خۆت بكوژێت، ئا لەم كاتەدا ئەم هەستیاریەی كەسەكە لەگەڵ ناوشیاری یەكتر دەگرن و رۆڵی عەقڵ نامێنێ و كردەی كوشتنەكە روودەدات.

كۆمەڵگای ئێمە دەرفەتی گەشەی نەبووە هەر بەدواكەوتوویی ماوەتەوە، ئالەم كاتەدا دەبینی بەجارێك تەكنەلۆژیا دەرژێتە ئەم وڵاتە، بلوتوس دێت و وا بەم دواییەش تەلەفۆنمان بۆ پەیدا بووە، كە وێنە و دەنگ دەگوازێتەوە و دڵنیاشین هێز نیە پێش بەهاتنی تەكنەلۆژیای دیكەش بگرێت.

رۆلی ئافرەتان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی كە رۆڵێكی "هاندان" كارانەیە ئافرەتانی وروژاندوە ئەم وروژاندنەی وا دەكات ئافرەت حەق بەخۆی دەدات سەربەستانە هەڵس و كەوت بكات، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە كە بەشێوەیەكی بابەتی باڵی بەسەر ناوچەكدا كێشاوە و راگەیەندنەكان دنیاكەیان بۆ بچوك كردۆتەوە ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەركردنە رۆڵی ئەم رێكخراوانەیە بەبێ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی پیاو، لەكۆمەڵگای كوردستاندا پیاو وشیار نەكراوەتەوە لەهەمانكاتدا ئافرەت هاندراوە لەكاتێكدا ئەوە پیاوە، ئەوە خێزان و پێكهاتەكەیەتی ئامادەیی رووحی و عەقڵی و سایكۆكۆمەڵایەتی بۆ ئەم گەشە كردنە نیە.

بەرەنجامی ئەوەش پێكدادان بەدی دێت، تاوانباركردنی پیاو كارێكی سەركەوتوانە نییە، راستە دەبێ بە یاسا رێگە لەم كارە بگرێت خۆ یاسا هەر خاوەنی لایەنی جێبەجێكار نیە، خاوەنی لایەنی پەروەردەكاریشە، بەڵام دەبێ پیاوان تێبگەیەنرێن و بە گشتی كۆمەڵگا بۆ "كرانەوە" ئامادە بكرێت ناشڵێم تاكو پیاو وشیار دەبێتەوە دەبێ گەشەی ئافرەتان رابگیرێت.

"ئافرەتان هەرەشە لە دەسەڵاتی پیاوان ناكەن، ئافرەتان تەواوكەری پیاوانن پێكەوە كۆمەڵگایەكی بەهێز دروست دەكەن دەبێ رێكخراوەكانی تایبەت بە ئافرەت ئەمە روون بكەنەوە نەك بە تەنها تەحریك بكەن، نابێ ئافرەتان هەڵە بەهەڵە چارەسەر بكەن، پێویستە گیانی خۆیان لە بەین نەبەن،

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چونکە ئەوە سەرکەوتن نیە، پێویستە تۆ کە ئامادەیی ئەم قوربانیەت هەیە گیان و بیرت لەخەباتدا بتوێنیتەوە"

ئەمەش ناوەڕۆکی قسەکانی نێچیرڤانی بارزانی بوو بەر لە دوو ساڵ و لە رۆژی ئافرەتاندا باسی کرد، هەروەها رەخنەی لەو کەسانە گرت کە نایەن ئافرەتان لە رووی فکری ئامادە بکەن، ئافرەت هیچ رێگە چارەی نامێنێ، ئافرەت دنیا تاریک دەبینێ رێکخراوێك، سەنتەرێک، کەسێك نیە پێی بڵێ نا لەم رێگەیەوە مەچۆ، رێگایەکی دیکەش لە ئارادایە، ئەمەیە کە دەبینی خۆی لەبەین دەبات کە ئەمەش کارەساتێکە دەبێ رێگەی لێ بگرین.

لەبەر ئەو هۆیەیە کە نابێ بە تەنها پیاو تاوانبار بکرێت چونکە بەکوژرانی هەر ئافرەتێک لەگەڵیدا پیاو، پیاوەتی و پیاوسالاری دەمرێت پیاو توشی داڕووخان و دەستە پاچەیی دەبێت، پێویستە شەڕ بکەین لەگەڵ ئەو وەهمانەی کە پیاویان کردوتە شەبەحی خۆیان پێویستە شەڕ بکەین لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە پیاوی کردوتە لەشکری شمشێر بەدەستی خۆی، پێویستە سیستەمی کۆمەڵگا دەسکاری بکرێت، خۆ ئەو مەلایەی لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر هەرای دروست کرد و خەڵکی هێنایە سەر شەقام بە ئاشکرا گوتی:

چۆن دەبێ ئافرەت شۆفێر بێ؟ ئەو لەسەر بڵندگۆ دەری بڕی هەزارانی دیکە بەم شێوەیە دەری نابڕن، بەڵام بەگوێی خێزانەکانیاندا دەدەن و پیاوان دەوروژێنن.

خۆ گرفتەکە هەر مەلاکانیش نین، بەڵکو سەرتاپای کۆمەڵگای کوردستان بە ئاراستەیەکدا براوە کە جوانیەکەی جارانی تیادا کاڵ بوونەتەوە.

شەرەفیش لەخاک و جوامێریەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو جەستەی ئافرەت، ئافرەتێک کە خۆی هی خۆیەتی خاوەنی لایەنی جەستەیی و دەروونی و هەروەها ئایدیای خۆیەتی و وەک خۆی دەیەوێت دەجوڵێتەوە شەرەف نیە، کەی ئافرەت شەرەفە؟ شەرەف نەتەوەکەم و خاک و قوربانیەکانمانن، شەرەف کەرکوکە.

Hassanmustafa_2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.